# بەهۆی دڵپیسی لە پاڵەوانی زنجیرە درامای (نور) ژنەکەی دارکاری دەکات



یەکێک لە پیاوەکانی شاری (اربد)ی ئەردەنی، لێدانێکی توندی لە ژنەکەی هەڵدا، دوای ئەوەی ژنەکەی داوای لێ کردبوو، وەکو پاڵەوانی زنجیرە دراما تورکییە دۆبلاژکراوەکە (موهەنەد) کە چۆن کچە پاڵەوان (نور) ماچ دەکات، ماچی بکات.

ئەو پیاوە بەهۆی ئەو داواکارییەی ژنەی، دڵپیسییەکی توند گرتوویەتی و ژنەکەی دارکاری کردووە و زۆری لێداوە و بڕیاریداوە چیتر نابێت تەماشای ئەو درامایە بکات.

شیاوی گوتنە، ئەو درامایە، زنجیرە ئەڵقەیەکی تورکییە و بە دۆبلاژکراوی زمانی عەرەبی لە شاشەی mbc نمایش دەکرێت و بینەرێکی زۆری عەرەب تەماشای دەکەن.

نکۆڵیشی لێ ناکرێت، لە کوردستانیش بە هەزاران خێزان، شەوانە بە تامەزرۆییەوە لەو درامایە دەڕوانن.

# دادگایەکی ئیتاڵیایی، بڕیاری کوشتنی کچێکی لەهۆشخۆچوو دەدات




دادگای میلانۆی ئیتاڵیا، لەدوای دانیشتنی تایبەتیدا، ڕەزامەندی نیشاندا لەسەر جێبەجێکردنی مردنی بەزەیی، بۆ ئافرەتێک کە ١٦ ساڵ بوو لە نێو سەرینی نەخۆشخانە لەحاڵەتی بێهۆشی بوو و ئامێری خۆراکی دەستکردی بۆ دانرا بوو.

<ئیلوانا ئیگلارۆ>ی باوکی کچە تەمەن (٣٤) ساڵیەکە، پێشتر هەوڵێکی زۆری دا بوو، کە ئەو ئامێرە پزیشکییە پیشەسازییانەی سەر کچەکەی هەڵبگرێت، بۆ ئەوەی لەو ئێش و ئازار و ماندووبوونە بێسوودەی کە لەماوەی ئەو ١٨ ساڵەی رابوردوو کێشاویەتی، رزگاری بێت، بەڵام دادگا ڕەزامەندی نیشان نەدابوو.

دادگا بەنیشاندانی ئەو ریپۆرتەش ڕەتی کوشتنی بەزەیی کردەوە، کە دۆکتۆرەکان ئاماژەیان بە نائومێدی گەڕانەوەی کچەکە کردبوو، بەڵام دوای ئەوەی باوکی کچە سەلماندی کە کچەکە پێش ڕووداوەکە، مردنی پێ باشتر بووە، بۆیە دادگا بڕیارەکەی لە بەرژەوەندی باوکەکە دا.

جێگای باسە، ئەو کچە کە تەمەنی ١٩ ساڵان بووە، تووشی ڕووداوێکی ئۆتۆمبیل بووە و دوای ساڵێک دۆکتۆرەکان ئاماژەیان بەوەدا، کە موستەحیلە ئەو کچە بێتەوە هۆش خۆی.

## چەند وتەیەك لەسەر ژن

* هەوڵبدە خێزانەکەت زۆر تۆی خۆش نەوێت، چونکە لەوانەیە ئەوکات هەوڵی کۆنترۆڵکردنت بدات.
* هەموو ژنێک بە زێڕ هەڵدەخەڵەتێت.
* بە گاڵتەش بڵێیە خێزانەکەت، ژنێکی تر دەهێنم، بە جیدی وەریدەگرێت.
* ژن نیوەی ژیانە، نیوەکەی تریشی ژانە.